# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی (۱۹۷۷-۲۰۱۲) دا


سەرپەرشتیار پ.د. جەزا تۆفیق تالیب
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

خوێندکاری دکتۆرا م.ی. سروە جلال حمە
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا



**پوختە**

هەردوو پێکهاتەی تەمەن وجۆر لە پارێزگای سلیمانیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ماوەی نێوان (۱۹۷۷-۲۰۱۲) لە بواری لێکۆڵاینەوەکانی دانیشتوان دا ، ئەویش بە هۆی ئەو کاریگەرییەوەی کە هەیانە لە سەر هەندێك پێوەری دیمۆغرافیەکانی وەك لەدایکبوون ومردن وکۆچ.ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتوونەتە سەر هەردوو پێکهاتەی تەمەن وجۆر دا بۆ ماوەی نێوان(۱۹۷۷-۲۰۱۲) کە بریتیە لەماوەی لێکۆڵینەوە.سەرباری دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کە لە پشتی ئەم گۆڕانکارییانەوە بوون.ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە چەند دەرەنجامێك کە گرنگترینیان بەرزی ڕێژەی جۆرە لە پارێزگای سلێمانیدا.ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ۱۹۷۷ دا پارێزگایەکەدا گەیشتۆتە (۱۱۸,۸%) ،(نێر/۱۰۰مێ) وبەم پێیەش کەیشتۆتە بەرزترین ئاستی . بەڵام هەمان ڕێژە لە ساڵی ۱۹۸۷ دا دابەزیوە بۆ ( ۱۰۳,۱%) (نێر/۱۰۰ مێ) لەسەر ئاستی پارێزگایەکە.بەڵام هەمان ڕێژە لەسەر ئاستی پارێزگایەکە ڕووی لەدابەزین کردووە وگەیشتۆتە (۱۰۰,۱%) (نێر/۱۰۰مێ) لە ساڵی ۲۰۱۲ دا.هەمو ئەمانە سەبارەت بە پێکهاتەی جۆر لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی. هەرچی پێکهاتەی جۆریشە لەسەر ئاستی پارێزگایەکەیە ئەوا ڕێژەکەی دووچاری گۆڕانکاری بۆتەوە بە هۆی هەندێك فاکتەری دیمۆغرافی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەوە.سەبارەت بە ڕێژەی بەخێوکردنیش ئەوا ئاراستە گشتیەکەی لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین پارێزگایەکە بریتیە لە دابەزین لە کۆتایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە دا بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای ماوەکەدا.



**الملخص**

يحتل التركيبان النوعي والعمري للسكان في محافظة السليمانية خلال الأعوام من (۱۹۷۷-۲۰۱۲) أهمية كبيرة في الدراسات السكانية وذلك لأثرهما في بعض المقاييس الديموغرافية مثل المواليد والوفيات والهجرة.تهدف هذه الدراسة الى تحديد التغييرات التي طرأت على التركيبين النوعي والعمري خلال المدة (۱۹۷۷-۲۰۱۲) بوصفها مدة الداراسة.، وكذلك تشخيص العوامل التي تقف وراء تلك التغيرات. وتمخضت الدراسة عن جملة من النتائج كان اهمها إرتفاع نسبة النوع في محافظة السليمانية. ففي عام ۱۹۷۷ وصلت النسبة إلى (۱۱۸,۸%) ،(ذكور/۱۰۰إناث)، لتكون بذلك قد وصلت أعلى مستوياتها.بينما إنخفضت نسبة النوع عام 1987 في محافظة السليمانية إلى (۱۰۳,۱%) (ذكور/ ۱۰۰إناث) ،امّ في العام ۲۰۱۲ فقد إنخفضت النسبة على مستوى المحافظة بحيث بلغت (۱۰۰,۱%) ( ذكور/ ۱۰۰إناث)، كل

ذلك فيما يتعلق بالتركيبة النوعية للسكان على مستوى المحافظة .أما بالنسبة للتركيبة العمرية للسكان على مستوى المحافظة فقد خضعت للتغيير بسبب عوامل عديدة منهها ما هو ديموغرافي ومنها ماهو إجتماعي وسياسي.وفيما يتعلق بنسبة الإعالة ، فإنَّ الإتجاه العام لمجموع نسب الإعالة على مستوى الحضر والريف في محافظة السليمانية هو أنَّ النسبة قد إنخفضت في نهاية مدة الدراسة مقارنة مع بداية المدة.

## Abstract

The age and Quality structures in the Province of Sulaimany in the period (1977-2012) represents a special importance due to their effect and efficacy on some demographic standards such as births, deaths and migrations .The current Study aims at pinpointing the changes on both structures mentioned between (1977-2012).The study found out some results , the most important one of them is the high rate of quality in Sulaimany province. in 1977 it amounted to (118.8%) (male/100 female), thus reaching its zenith. While in 1987 it amounted to (103.1%) (male/100female).As far as the year 2012 is concerned the rate went down to (100.1%) on the level of the Province . With respect to the age structure of population on the level of the Province, it as well changed on account of so many factors, demographic, social and political.

Regarding the dependency ratio , the general trend of the total of dependency ratio on the level of the province (rural and urban areas) it tended downwards at the end of the study period as compared to its start .

### پێشەکی :

وشەی پێکهاتە (Structure) یان (Composition) ی دانیشتوان بە مانا بەرفراوانەکەی هەموو ئەو ڕاستیانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە دانیشتوانەوە کە دەکرێت پێوانە بکرێن، وە زۆرجار سروشتی ئەو داتایانەی کە دەکرێت لە سەرژمێرییەکانەوە بە دەستبهێنرێت تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان دیاریدەکەن لە چەند گۆشە نیگایەکی جیاوازی سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، وە خەسڵەتێکی تر وادەکات ئەو کۆمەڵگایە کەسایەتیەکی تایبەتی هەبێت کە جیاواز بێت لە کۆمەڵگاکانی تر . لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان پۆلێن بکرێت بۆ دوو بەش : یەکەم : تایبەتمەندی سروشتی و بایلۆجی دانیشتوان لەخۆدەگرێت کە پەیوەستە بە تەمەن و جۆر . دووەمیان : ئەو پۆلێنکردنە لەخۆدەگرێت بە پێی تایبەتمەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی وەك ( ئاین و زمان و نەتەوە و بارودۆخی خوێندەواری و هاوسەرگیری ...هیتر) .

جوگرافیناسەکان دەستیانکرد بەبایەخدان بە لێکۆڵینەوە لەم تایبەتمەندییانە و دەرخستنی جیاوازییە هەرێمیەکان لەنێوان هەرێم و وڵاتەکاندا وە لەنێوان ناوچە شارنشین و گوندنشینەکاندا، سەرباری لێکۆڵینەوە لەو فاکتەرانەی کە کاردەکەنە سەر ئەم جیاوازییە و ڕادەی پەیوەست بوونی بەفاکتەرە دیمۆگرافیەکانی ترەوە، (أحمدحمودمحسين السعدي،٢٠٠٥،ص٣). لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەی دانیشتوان بایەخێکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەی دانیشتواندا، چونکە خەسڵەتە دیمۆگرافیەکانی کۆمەڵگا ڕوون دەکاتەوە چ ئافرەت بن یان پیاو، ئەو چینە بەرهەم هێنە دیاریدەکات کە ئەرکی ژیانی تاکەکانی تری کومەڵگای لەسەرە، (فتحي محمد أبو عيانة، ١٩٨٨،ص٣٩٩)، وە بەیەکێك لە گرنگترین ئەو بنەمایانە دادەنرێت کە ناکرێت دەست بەرداری بین لەپێناو گەیشتن بە دانانی میتۆدی سیاسەتێکی گەشەپێدان لەسەر بنەمای پلان دانانی ئێستا و داهاتوو بەوپێیەی کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە چەندین بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکییە ئابوورییەکان و ئاڕاستە ڕامیاریی و سەربازییەکانی دانیشتوان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی دانیشتوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دابەشبوون و گەشەی دانیشتوانەوە هەیە، هەربۆیە دەرفەت

دەرەخسێت بۆ بەرنامەی گەشەپێدان لەلایەنە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەت ئەو بوارانەی کە دەکەونە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەییەوە وە سەرباری سوودی لە ناسینی ئەم دەرامەتە مرۆییانە کە کۆمەڵگا هەیەتی وە پۆلێن کردنیان بەپێی کەرتە جۆراوجۆرەکانی چالاکی ئابووری، (فتحي محمد أبوعيانة، 1993، ص٢٨٩).

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** بریتیە دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هەردوو پێکهاتەی تەمەن و جۆریی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) هاتووە، هەروەها دیاریکردنی فاکتەرەکانی ئە گۆڕانکارییانە .

**چوارچێوەی کاتی و شوێنی لێکۆڵینەوەکە:**

**أ- چوارچێوەی کاتی لێکۆڵینەوەکە:**

سەرەتای دەستپێکی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) دایە، پاشان پشت دەبەستین بە سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ و ئاماری ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠١٢، ئەم لێکۆڵینەوەیە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧- ٢٠١٢)مان هەڵبژاردووە، چونکە گرنگە لە پارێزگای سلێمانی بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویداوە لەوماوەیەدا، کە دۆخی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی گۆڕیوە، لەوانە چەندین گۆڕانکاری کارگێڕی کە ئەم پارێزگایە بە خۆوەی بینیووە، سەرباری بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ...هیتر.

**ب- چوارچێوەی شوێنی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەیەکی شوێنی دا کاردەکات کە خۆی لە پارێزگای سلێمانیدا دەبینێتەوە، بەسەراپای سنووری کارگێڕییەوە وە سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانەوە، وە ئاشکراشە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، وە سەنتەرەکەی شاری سلێمانیە، دەربارەی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوەسنورەکەی لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بریتییە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە باکوری ڕۆژئاواوە پارێزگای هەولێر، لە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوا  پارێزگای کەرکوك وئیدارەی گەرمیانە .

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بریتییە لە پارێزگای سلێمانی، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(٣٣=٥٦¯٣٤° –٢١=٢٩¯٣٦°) باکور و هێڵەکانی درێژی (٣٧=٣١¯٤٤°–٢٤=٢٠¯٤٦°)ڕۆژهەڵات، بەم پێیە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە باشووری ناوچەی مامناوەندی باکوورەوە . کە لە (١٢) قەزا و(٤٢) ناحیە پێکهاتووە، لە دوای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە ڕوویانداوە بە پێ ی نەخشەی ساڵی (٢٠١٢) . وەك لە نەخشەی (١) دەبینرێت، هەروەها ڕووبەری پارێزگاکە لە ساڵی (٢٠١٢) دا بریتیە لە (١١٤٤٩) کم$^{٢}$.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بەوە هەیە، کەوا میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەشدا پشتمان بەمیتۆدی (وەسفی شیکاریی  و هەرێمی) بەستووە .

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم کێشەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەردوو پێکهاتەی جۆریی و تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٢)، دووچاری کۆمەڵێك گۆڕانکاریی جوگرافی بۆتەوە بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بەو بارودۆخەی بەسەر دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووە بە تایبەت لە دوای  ڕووداوی ساڵی (١٩٩٠)، بەشێوەیەك گەمارۆیی ئابووری بەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراقداسەپێنراوە، واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش کاریگەری هەبووە .


**گریمانەی لێکۆڵینەوە:** بەپێی کێشەی لێکۆڵینەوەکە گریمانە لەسەر ئەوە دروست دەکرێت، کە کە گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی تەمەن و پێکهاتەی جۆریی دانیشتوانی پارێزگاکە لەماوەی لێکۆڵینەکەدا ڕوویداوە، کە ئەمەش پەیوەستە

بە فاکتەرە جوگرافیە جۆراوجۆرەکان و کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی پارێزگاکە و ڕەنگدانەوە لەسەریان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە .

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بابەتەکە بۆ دوو بۆ باسی سەرەکی دابەشمان کردووە لە یەکەمیاندا: باس لە پێکهاتەی جۆر و دووەمیان باس لە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی دەکات .

نەخشەی (١)

یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٢) دا




سەرچاوە: ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بەشی ڕووپێووی ،٢٠١٢.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGIS.

**پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا**

لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی جۆریی و تەمەن بایەخێکی گەورەی هەیە لە لێکۆڵینەوەکانی دانیشتواندا، چونکە سیما و خەسڵەتە دیمۆگرافیەکانی دانیشتوان ڕووندەکاتەوە، هەردووکیان گرنگن چونکە پەیوەندیدارن بە گۆڕاوەکانی تری دانیشتوانەوە وەك مردن و نەخۆشی و پیتداری وە کۆچ . هەروەها ئەو چینانە دیاریدەکات، کە بەرهەم هێنن کە ئەرکی ژیانی تاکەکانی تریان دەکەوێتە ئەستۆ، وە بەم پێیەش گۆڕانکارییەکانی بەسەر پێکهاتەی تەمەن و جۆردا دێت، بەشێوەیەکی پۆزەتیف یان نێگەتیف ڕەنگدانەوەیان لەسەر گەشەپێدان دەبێت، معین حسن احمد جاسر، ٢٠١١،ص٣٥). کەواتە پێکهاتەی تەمەن و جۆریی دانیشتوان زۆرێك لە خەسڵەتە دیمۆگرافیەکانی کۆمەڵگا و چینە بەرهەم هێنەکان و قەبارەی هێزی کار دەردەخەن، دواتریش ئەو ئەرکانەی ژیاندن، کە چینەکانی تری نا بەرهەمهێن وەك مناڵ و پیرو پەکەوتە کە دەیخەنەسەر ئەستۆی خەڵکانی بەرهەم هێن،(حسن علي نجم الجبوري،١٩٩٦،ص٥٣). بەم پێیەش ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگ و پێویستە بۆ پلاندانانی دانیشتوان و نیشتەجێکردن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ئەوەش ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی پیتداریی و مردن وە ڕادەی کاریگەریی لەسەر جوڵەی دانیشتوان لە داهاتوودا دابین دەکات،(Hawley, A.H,1959,P.364)، کەواتە پێکهاتەی دانیشتوان ئاماژە بە خەسڵەتی دیمۆگرافی دەدات، کە دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایە وەسفی دانیشتوان و دابەشبوونیان بکرێت لە ناویشیاندا پێکهاتەی (جۆر و تەمەن)، بەشێوەیەك ئەم خەسڵەتانەش هەڵدەستن بە ڕۆڵێکی سەرەکی لە کرداری گۆڕانکاریی دانیشتواندا .

**باسی یەکەم : پێکهاتەی جۆر**

پێکهاتەی جۆر، کە پێکهاتەی ڕەگەزیشی پێ دەوترێت بریتیە لەو پێکهاتەیەی کە دوو ڕەگەز لە خۆدەگرێت بە واتای دابەشبوونی دانیشتوان بۆ نێر و مێ،(منذر عبد المجيد البدري، ١٩٨٠،ص٧٣).

بەڵام ڕێژەی جۆر بریتییە لە ژمارەی نێر بەرامبەرهەر (١٠٠) مێیەك، لەڕووی زانستیشەوە دەرکەوتووە، کەڕێژەی لەدایکبوونی نێر زیاترە لە ڕێژەی لە دایکبوونی مێ، بەجۆرێك لەزۆربەی کاتدا بۆ هەر (١٠٠) مێ (١٠٥) نێرە، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لەوانەیە کەمێك بەرزبێتەوە و بگاتە (١٠٧)، یاخود هەندیکجاریش دادەبەزێت بۆ (١٠٢)، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لەدەرو بەری (١٠٥) نێر بۆ هەر (١٠٠) دا دەسوڕێتەوە، (جزا توفيق طالب، ٢٠٠٥،ص٢٢٢). ئەم ڕێژەی جۆرە دەگۆڕێت لە کۆمەڵگاکانی دانیشتواندا بەهۆی کارتێکردنی چەند فاکتەرێکەوە:

أ- کۆچی هاتوو یان ڕۆیشتوو بۆ هەریەك لە نێر و مێ .

ب- جیاوازی تێکڕای مردن لە هەردوو ڕەگەز(نێر و مێ) لە تەمەنە جیاوازەکاندا .

ج-کەموکورتی داتا لەسەرژمێرییەکاندا وەك تۆمارنەکردنی ژمارەی مێ،(ندى نجيب سلمان،٢٠٠٦،ص٩)، بەڵام لەکاتی ئێستادا کاریگەری ئەم فاکتەرە کەم بۆتەوە .

د- جەنگیش بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی مردنی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، بەڵام ڕەگەزی نێر بەرپرسیارێتی زیاتری لەسەرە بەجۆرێك سوپاکان زیاتر لە پیاوان پێکدێن، ئەمەش فاکتەرێکی دیارە بۆ مردنی زیاتری ڕەگەزی نێر بەهۆی جەنگەوە لە ڕەگەزی مێ . کەواتە پێکهاتەی جۆر کاریگەریی لەسەر دیمۆگرافیا هەیە وە پەیوەستە بە هاوسەرگیریی و لەدایکبوون و مردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە، (عبدالرحيم برادوخي، عصام خوري، ٢٠٠٢، ص١٨٧-١٨٨) .

**١- پەرەسەندنی (تطور) ڕێژەیی جۆر لەسەر ئاستی پارێزگا :**

وەك تێبینی دەکەین لە خشتەی (١) و شێوەی (١) جیاوازییەکی ڕوون دەردەکەوێت لە ڕێژەی جۆر لە پارێزگای سلێمانیدا بە بەراوورد لەگەڵ عێراقدا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، بەشێوەیەك لە ساڵی (١٩٧٧) دا ڕێژەی جۆر بریتی بوو لە (١١٨,٨%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، کە ئەوەش بەرزترین ڕێژەی جۆرە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەکاتێکدا لەهەمان ماوەدا ڕێژەکە لە عێراقدا بریتی بووە لە (١٠٦,٣%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، کە بەهەمان شێوە لە عێراقدا بەرزترین ڕێژە بووە بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری بارودۆخی سیاسی بەشێوەیەکی ڕێژەی لەم ماوەیەدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و عێراقدا ئەمە لە لایەك، و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) وە هەیە، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم سەرژمێرییەدا بەشێکی زۆری سوپاو ئەوانەی لە دامودەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنیەکان کاریان کردووە کە هەموویان لە ڕەگەزی نێربوون و خەڵکی دەرەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوەبوون لەگەڵ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی هەژمارکراون، سەرباری چاکبوونی ڕێژەی کەرتی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەدەرئەنجامی ئەوەشدا کاریکردۆتە سەر ڕێژەی جۆر لە پارێزگاکەدا .

بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) دا ڕێژەی جۆر دابەزینی بەخۆوە بینیووە، بەشێوەیەك لەم ماوەیەدا ڕێژەکە لە پارێزگاکەدا بریتی بووە لە (١٠٣,١%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، و لە عێراقیشدا دابەزیوە بۆ (١٠٥,٧%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، بە ڕێژەی گۆڕانکارییەك کە بڕەکەی (-١٣,٢%) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧)، ئەوەی دەربارەی پارێزگای سلێمانی ووتراوە دەکرێت دەربارەی عێراقیش بوترێت کە دابەزینی ڕێژەی جۆریی بەخۆوە بینیووە، کە بەشێوەیەك گەیشتۆتە (١٠٦,٣%) بە ڕێژەی گۆڕانکارییەك کە بڕەکەی(-٠,٦%) هۆکاری دابەزینی ڕێژەی جۆر لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ نا ئارامی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، ئەمە وێڕای جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، کە کاریگەری دیاری هەبووە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی جۆر، بەجۆرێك بووەتە هۆی کۆچکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوان بەرەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداریکردنی بەشێکی زۆری گەنجان لە شۆڕشە کوردییەکاندا و پەیوەندی کردنیان بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە، دواتر ئەم فاکتەرانە پێکەوە ئاوێتەبوون و کاردەکەنە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی جۆر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی و لە عێراقدا بە گشتی، بەو پێیەش پارێزگای سلێمانی هاوسنوورە لەگەڵ ئێراندا کەوتبووە ژێر کاریگەریی شەڕەکەوە .

بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢) دا جارێکی تر ڕێژەی جۆر دادەبەزێت لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و عێراقیش، بەجۆرێك لە پارێزگای سلێمانی بریتی بووە لە (١٠٠,١%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، و لە عێراقیشدا دابەزیوە بۆ (١٠٣,٨%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نائاساییەی بەسەر دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووە، لەوانەش پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردن دژی کورد، هەروەها لەدوای ڕووداوی ساڵی (١٩٩٠)ەوە، گەمارۆیی ئابووری بەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا سەپێنراوە، واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کۆچکردنی ژمارەیەك لە گەنج لەڕەگەزی نێر بۆ ووڵاتانی ئەوروپا و ئێران، سەرەڕای بارودۆخی سیاسی ناوخۆی کوردستان و شەڕی ناوخۆ پارێزگای سلێمانی لەپرشکی ئەو شەڕە بێبەش نەبووە، بەڵکو بۆتە هۆی کوژرانی ژمارەیەك گەنج لە ڕەگەزی نێر، وێڕای کۆچکردنی ژمارەیەکی تر بۆ دەرەوەی وڵات لە پێناوی پاراستنی خۆیان و بەردەوام بوونیان لەژیان .

خشتەی (١)

ڕێژەی جۆر* لە پارێزگای سلێمانی بە بەراورد بە عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧- ٢٠١٢)/(نێر/ ١٠٠ مێ )

| ساڵ | پارێزگای سلێمانی | عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ١١٨,٨ | ١٠٦,٣ |
| ١٩٨٧ | ١٠٣,١ | ١٠٥,٧ |
| ٢٠١٢ | ١٠٠,١ | ١٠٣,٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،١٩٧٧، ص٣٦-٣٧.

٢- وزاره التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧،محافظة السليمانية، مطبعه الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،١٩٨٨، ص٨٠ .

٣- وزاره التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و كركوك، و لكافة انحاء العراق، الجدول رقم (٢٢) .

٤- وزاره التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و كركوك، و لكافة انحاء العراق، الجداول رقم (٢٢) .

٥- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، اسقاطات سكان العراق حسب فئات العمر و البيئة و الجنس لسنة ٢٠١٢. متاح على العنوان الألكتروني التالي:

<<cosit.gov.iq/AAS13/population/pop(10).htm>> accessed in(March25.2017)


٦- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە پێی ی گروپەکانی تەمەن و ژینگە و ڕەگەز لە ساڵی ٢٠١٢،(داتای بڵاونەکراوە) .

*لەبەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان بە هەرێمی کوردستان نەکردووە .

شێوەی (١)

پەرەسەندنی ڕێژەی جۆر لە پارێزگای سلێمانی بە بەراوورد بە عێراق

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧- ٢٠١٢)/(نێر/ ١٠٠ مێ)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(١) .

جێکەی ئاماژەیە ڕێژەی جۆر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەردەوام لەدابەزین بووە وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ئەم ڕێژەیە هاوسەنگ بووە، ئەمە لەکاتێکدا بارودۆخی عێراق و هەرێم و پارێزگای سلێمانیش لە ڕووی سیاسیەوە جێگیربووە و هیچ گەمارۆیەکی ئابووریشی لەسەرنەبووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی کەموکورتی لەو داتا و ئامارانەی کەتایبەتن بە پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوانەوە، کە لەوساڵەدا وەرگیراوە .

**٢- پەرەسەندنی ڕێژەی جۆر بە پێی گروپەکانی تەمەن :**

پێشکەوتنی ڕێژەی جۆر بە پێی گروپەکانی تەمەن لە پارێزگای سلێمانی وەك دەردەکەوێت لە خشتەی (٢) وە شێوەی (٢)، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، دەکرێت ئەم دەرئەنجامانەمان دەست بکەوێت:

أ- ژمارەی نێر لە ژمارەی مێ زیاترە لەو گروپانەی تەمەن کە دەکەونە نێوان (٠-١٤ ساڵ)، لە هەموو ساڵەکانی بەراوردکردندان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە بایلۆجیەکان .

ب- ڕێژەی جۆر بەشێوەیەکی پلەبەندیانە دەستی بە دابەزین کرد، سەرەتا لە ساڵی (١٩٧٧) دا، هەتاوەکو ساڵی (٢٠١٢)، لەو گروپانەی تەمەن کە دەکەونە نێوان (١٥-٤٩) ساڵ، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٧٧) دا، ڕێژەی جۆر لە (١٠٠) زیاتربووە لەو گروپانەدا، جگەلە گروپی تەمەنی (١٥-١٩) ساڵ کە ڕێژە جۆرییەکەی گەیشتۆتە (٨٨,٨%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شەپۆلەکانی کۆچ کە زیاتر بووە ڕووەو پارێزگاکە بەهۆی فەراهەم بوون و بەردەستی هێزە کار، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) دا، ڕێژەی جۆر لە (١٠٠) تێپەڕاند وە زیاتربوو بۆ هەموو گروپەکانی تەمەنی جگەلە گروپەکانی نێوان (٢٠-٢٤) و (٢٥-٢٩) و (٣٠-٣٤) و (٣٥-٣٩)، کە ڕێژەکەیان (٩٧,٥%، ٦٢,٦%، ٩٨,٢%، ٩٨,٨%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك . هەروەها لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ڕێژەی جۆر لە (١٠٠) زیاتربووە بۆ هەموو گروپەکانی تەمەن جگەلە (٣٠-٣٤) و (٣٥-٣٩) و (٤٥-٤٩) کە ڕێژەکەیان (٩٢%، ٩١,٧%، ٨٣,٩%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك .

ج- ڕێژەی جۆر لە (١٠٠) تێپەڕاند وە زیاتربوو بۆ هەموو گروپەکانی تەمەنی (٥٠) ساڵ و زیاتر لە ساڵی (١٩٧٧) دا . بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) دا ڕێژەی جۆر زیاتر بوو لە (١٠٠) بۆ هەموو گروپەکانی تەمەنی ناوبراو جگەلە گروپەکانی (٦٠-٦٤) و (٦٥-٦٩)، کە ڕێژەکەیان (٩٥,٥%، ٩٠,٦%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك . پاشان لە ساڵی (٢٠١٢) دا، کەمتر بووە لە (١٠٠) بۆ هەموو گروپەکانی تەمەنی (٥٠) ساڵ و زیاتر، جگەلە گروپەکانی نێوان (٥٥-٥٩) و (٦٠-٦٩)، (٧٠-٧٤)، کە ڕێژەکەیان (١٢٩,٦%، ١٠٠,٤%، ١١٦%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك . ئەم دابەزینەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی کە پسپۆڕان ئاماژەی پێدەدەن کە ڕێژی مردنی نێرینە زیاتر دەبێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، بەوپێیەی کە نێرینە زیاتر تووشی ئاستەنگ و بارگرانی ژیان دەبێتەوە ئەمە جگە لە ڕووداوی کارو پێکان . دەتوانین بڵێن ڕێژەی جۆر بە پێی گروپەکانی تەمەن لە ساڵی (٢٠١٢) دا، دابەزینی بەخۆوە بینیووە، کە ساڵانی پێشتر گروپەکانی تەمەن بەخۆیانەوە نەبینیووە، کە تیایدا ڕێژەی نێرینە بەشێوەیەکی پلەبەندیانە دابەزیووە و کەمتربووە لە ژمارەی مێینە لە ساڵی (١٩٧٧) دا، ئەوەش ئەم ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتەوە دابەزینە لە کۆی پارێزگاکە (١١٨,٦%) لە ساڵی (١٩٧٧) دا، بووە بە (١٠٠,١) لە ساڵی (٢٠١٢) دا .

خشتەی (٢)

دابەشبوونی ڕێژەی جۆر بەپێی گروپەکانی تەمەن لە پارێزگای سلێمانی

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)* / ( نێر/ ١٠٠ مێ )

| گروپەکانی تەمەن | ڕێژەی جۆر | | |
|---|---|---|---|
| | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠١٢ |
| 0-4** | ١٠٩,٦ | ١٠٤,٥ | ٩٨,٦ |
| 5-9 | ١١٥,٢ | ١٠٥,٣ | ٧٩,٥ |
| 10-14 | ١١٧,١ | ١٠٨,١ | ١٠٦,٣ |
| نێوەنجی تەمەنە بچووکەکان | ١١٤ | ١٠٦ | ٩٤,٨ |
| ١٥-١٩ | ٨٨,٨ | ١١٢,٧ | ١٢٣ |
| ٢٠-٢٤ | ١٧٠,١ | ٩٧,٥ | ١٠٨,٤ |
| ٢٥-٢٩ | ١٤٤,٢ | ٦٢,٦ | ١١٢,٤ |
| ٣٠-٣٤ | ١٢٢,٢ | ٩٨,٢ | ٩٢ |
| ٣٥-٣٩ | ١٢٥,١ | ٩٨,٨ | ٩١,٧ |
| ٤٠-٤٤ | ١٠٤ | ١٠٧,٥ | ١١٦ |
| ٤٥-٤٩ | ١١١,٩ | ١٢٥,٦ | ٨٣,٩ |
| ٥٠-٥٤ | ١٠٦,٥ | ١٠٦,٣ | ٤٢,٥ |
| ٥٥-٥٩ | ١٠٠,٢ | ١٠٣,٩ | ١٢٩,٦ |
| ٦٠-٦٤ | ١٢٦,٣ | ٩٥,٥ | ١٠٠,٤ |
| نێوەنجی تەمەنە مامناوەندیەکان | ١٢٠ | ١٠٠,٩ | ١٠٠ |
| ٦٥-٦٩ | ١١٨,٦ | ٩٠,٦ | ١٠٠,٤ |
| ٧٠-٧٤ | ١٣٠ | ١٠٩,٩ | ١١٦ |
| ٧٥-٧٩ | ١١٥,٦ | ١٠٨,٨ | ٧٥,٦ |
| ٨٠-٨٤ | ١٥٨,٩ | ١١٢,٧ | ٨٤,٨ |
| تەمەنە گەورەکان | ١٣٠,٨ | ١٠٥,٥ | ٩٤,٢ |
| کۆی گشتی | ١١٨,٦ | ١٠٣,٣ | ١٠٠,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٧٧، محافظة السليمانية، مصدرسابق، ص٣٦-٣٧.

٢- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية،مصدر سابق، ص٨٠.

٣ - بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە پێی ی گروپەکانی تەمەن و ژینگە و ڕەگەز لە ساڵی ٢٠١٢، سەرچاوەی پێشوو،(داتای بڵاونەکراوە).


* گرووپی نەزانراو لابراوە کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (٢٣٦٤) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کە تیایدا (١٥٦٠) نێر وە (٨٠٤) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(١٤٠٢) کەس، کە (٦٧٨٠) نێر و (٧٢٨٢) مێ بووە . هەروەها لەبەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان نەکردووە بە هەرێم و عێراق .

** لەچوارچێوەی گرووپی کەمتر لە ساڵێك، کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (٢٩٧٣٢) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کە تیایدا (١٥٦٨٥) نێر و (١٤٠٤٧) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(٣٦٩١٧) کەس، کە (١٩٠٤٦) نێر بووە و (١٧٨٧١) مێ بووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە (٣٧٢٨٨) کەس، کە(١٩١٢٥) نێر و (١٨١٦٣) مێ بووە .

شێوەی (٢)

پەرەسەندنی دابەشبوونی ڕێژەی جۆر بەپێی گرووپەکانی تەمەن لە پارێزگای سلێمانی

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) / ( نێر/ ١٠٠ مێ )




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(٢) .

**باسی دووەم : پێکهاتەی تەمەن**

مەبەست لە پێکهاتەی تەمەن دابەشبوونی دانیشتوانە بە پێی گرووپەکانی تەمەن، ئەم پێکهاتەیە بە گرنگترین داتاکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان دادەنرێت چونکە پەیوەستە بەو چالاکییە ئابوورییانەی کە دانیشتوان ئەنجامی دەدەن وە توانایان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە، (أحمد علي إسماعيل،١٩٨٤،ص٨٦). دەکرێت بوترێت پێکهاتەی تەمەن لە ژێر کاریگەری سێ فاکتەری ڕاستەوخۆدایە کە بریتین لە لەدایکبوون و مردن و کۆچ، هەروەها بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیش کاردەکاتە سەر پێکهاتەی تەمەن. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا پێکهاتەی تەمەن یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هێزی بەرهەم هێنانی دانیشتوان و سروشتی ڕێژەکانی لەدایکبوون و مردن و دیاریکردنی درێژترین تەمەنی پێشبینی کراوی تاکەکان، (يسري عبد الرازق الجوهري،حافظ مصطفى محمد، ١٩٧١،ص٢٧٩)، واتە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەزانینی ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوان وەك ڕێژەی ئەو منداڵانەی دەچنە

ناو تەمەنی خوێندنەوە، هەروەها بۆ زانینی ڕێژەی بەتەمەنەکان کە خانەنشین دەکرێن، سەرەڕای زانینی ژمارەی ئەو گەنجانەی کە دەگەنە تەمەنی هاوسەرگیری و کارکردن، وێڕای زانینی تەمەنی گەنج ، لەتەمەنی چەك هەڵگرتندا بەتایبەتی ڕەگەزی نێر، و هێزی سەربازی و ڕامیاری دەوڵەت و توانای بەرگریکردنی دەوڵەت دەخاتە ڕوو، (طة حمادي الحديثي، ١٩٨٨،ص٥٧٣). پێکهاتەی هەرزەکار(هيكل فتى) واتای ئەوە دەگەیەنێت کە توانایەکی گەورە بۆ گەشەکردن لە داهاتوودا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە چوونەتە تەمەنی منداڵهێنانەوە گەورەترە لە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە چوونەتە تەمەنی نائومێدییەوە، هەروەها پێکهاتەی تەمەن ئاماژەیەك دەگەیەنێت لەبارەی شێوازی باوی باروڕۆخی تەندروستی کۆمەڵگا بۆ نموونە پێکهاتەی تەمەنی گەورەی دانیشتوان ئاماژەیە یاخود بەڵگەیە لەسەر شێوازی پێشکەوتنی باروڕۆخی تەندروستی .

ئامارەکانی تەمەن دووچاری چەندین هەڵە و کەموکورتی دەبنەوە، لەناویاندا کێشەی ئافرەتی (مێینە) کە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان ناڵێن، هەروەها زۆرینەی ڕەگەزی نێر کە تەمەنیان نزیك دەبێتەوە کە بچنە بواری خزمەتی سەربازییەوە لە (١٨) ساڵ تەمەنیان بچووکتر دەکرێتەوە بە چەند ساڵێك، هەروەها هەندێك خێزان هەوڵ دەدات منداڵە شیرەخۆرەکانی لەسەرژمێرییەکاندا تۆمارنەکات، یاخود گەورەکردنی تەمەنی منداڵ بۆ ئەوەی وەربگیرێت لە خوێندن، وە زۆرێك لە دانیشتوان هەوڵ دەدەن ژمارەی تەمەنی منداڵەکانیان ژمارەیەك بێت (سفر يان بە پێنج) کۆتایی هاتبێت، (أحمد حمود محسين السعدي، ٢٠٠٥، ص٤٢)، کەواتە ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی دانیشتوان لە گروپێکی تەمەنی دیاریکراودا وە زیاتر گەورەبوونی ئەو گروپی تەمەنە بە بەراورد لەگەڵ گروپەکانی تر، چ گروپی پێش یان دوای خۆیان بێت، هەروەها ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر هەندێك پێوەری دیمۆگرافی وەك تێکڕاکانی لە دایکبوون و مردن و کۆچ و لەسەر ڕاستی دەرئەنجامەکانیان. هەروەها بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی تەمەن دیمۆگرافیەکان چەندین ڕێگایان بەکارهێناوە وەك: لێکۆڵینەوە لە گروپی بەرفراوانی تەمەن، و بەکارهێنانی ئاماژەکانی تەمەن، و هەرەمەکانی دانیشتوان، بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی تەمەن و جۆر لە یەك لێکۆڵینەوەدا ، کە دواتر باسیان دەکەین .

**أ- پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بە پێی گروپەکانی بەرفراوانی تەمەن (السن العريضة) :**

پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان بە دابەشکردنیان بەسەر چەند گروپێکی پێنجی یان دەیی دەست پێدەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوان دابەش دەکرێت بۆ سێ گروپی جیاواز کە ئەوانیش بریتین لە: گروپی تەمەنە بچووکەکان (٠-١٤ساڵ)، گروپی تەمەنە مامناوەندەکان (١٥-٦٤ساڵ)، گروپی تەمەنە گەورەکان (٦٥ساڵ و زیاتر) . بە تێبینی کردن لە خشتەی (٣) و شێوەی (٣) دەکرێت دانیشتوانی پارێزگاکە و عێراق دابەش بکەین بەسەر سێ گروپی تەمەن وەك باوە و پەیڕەو کراوە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دانیشتواندا ئەوانیش :

**١- گروپی تەمەنە بچووکەکان (کەمتر لە ١٥ساڵ) :**

ئەم گروپە بناغەی بەشی خوارەوەی هەرەمی دانیشتوان لەهەر کۆمەڵگایەکدا پێك دەهێنێت چونکە ژمارەی کروپەکانی تەمەن لەسەر ئەو ڕادەوەستن، بەبێ بەرهەم یاخود بەکارهێنە دەناسرێن، واتە ئەندامەکانی ئەم گروپە ئیش ناکەن لە بواری کاری ئابووریدا، هەرچەندە هەندێکیان هەموو جۆرە کارێك دەکەن، بەڵام بەڕێژەیەکی سنووردار سەرباری ئەوەی کە هەستیارترین گروپە لە ڕووی کاریگەربوون بە هەردوو فاکتەری لەدایکبوون و مردن، ڕێژەی ئەم گروپەی تەمەن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەشێوەیەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەمە بەهۆی کەمی

ڕێژەی لەدایکبوون و سنووردارکردنی وەچەوەیە، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆرە بەهۆی بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون، ئەمەش بە کاریگەری فاکتەری ئاینی و کۆمەڵایەتی، سەرەڕای باشبوونی باری ئابووری و تەندروستی دانیشتوان، هەروەها پەیڕەو نەکردنی سیستەمی دیاریکردنی ژمارەی منداڵ خستنەوە. وەك تێبینی دەکرێت لە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی ڕێژەیی بە پێی گروپەکانی تەمەنی بەربڵاو لە پارێزگای سلێمانی و عێراقدا وەك لە خشتەی (٣) و شێوەی (٣) دا، دەردەکەوێت:

١-ڕێژەی گروپی تەمەنە بچووکەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، زیادیکردووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢)دا، کەمیکردووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە. ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان زیادیکردووە بەجۆرێك لە ساڵی (١٩٧٧) دا (٤٨%) بووە، پاشان لە ساڵی (١٩٨٧) دا بووە بە (٤٨,٤%)، بەتێکرای گۆڕانکاریی لەنێوان هەردوو سەرژمێرییەکە گەیشتۆتە (٠,٨%)، بەڵام بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٨٧) دا، دەکرێت بدرێتە پاڵ بەرزبوونەوەی فاکتەری پیتداری ، هەروەها کەمبوونەوەی تێکڕای مردن لەم گروپەی تەمەندا بە دیاریکراوی بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و تەندروستی، سەرەڕای تێگەیشتنی هاوڵاتیان بۆ گرنگی تۆمارکردنی منداڵە تازە لەدایکبووەکان وە ئەو دەرئەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە کە خۆی لە بەرفراوانبوونی بنکەی هەرەمی دانیشتوان لەو سەرژمێرییەدا دەبینێتەوە . دواتر ئەم زیادبوونە کەمیکرد بوو بە (٣٢,٥%) لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بەجۆرێك تێکڕایی گۆڕانکاری لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢) دا، گەیشتۆتە (-٣٢,٨%)، هۆکاری ئەم دابەزینەش لە ڕێژەی گروپی تەمەنە بچووکەکان لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی تێکڕای لەدایکبوون لە پارێزگاکەدا، یان دواخستنی،هەروەها فاکتەری کۆچ بۆ دەرەوەی پارێزگاکە و عێراق، ئەویش کاریگەری لەسەر دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون هەبووە، سەرەڕای سەپاندی ئابلۆقەی بەسەر دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووە بەتایبەت لەدوای ڕووداوی ساڵی (١٩٩٠)، بەشێوەیەك ئابلۆقەی ئابووری بەسەر دانیشتوانی هەرێمی

خشتەی (٣)

دابەشیوونی ڕێژەیی دانیشتوان بە پێی ی گروپی بەرفراوانی تەمەن (السن العريضه) لە پارێزگای سلێمانی و عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٧-٢٠١٢) * / (%)

| ساڵ | پارێزگای سلێمانی | | | | عێراق | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 14 -0 ساڵ | ١٥-٦٤ ساڵ | ٦٥ ساڵ وزیاتر | کۆ | 14 -0 ساڵ | ١٥-٦٤ ساڵ | ٦٥ ساڵ وزیاتر | کۆ |
| ١٩٧٧ | ٤٨ | ٤٨,٨ | ٣,٣ | ١٠٠ | ٤٨,٦ | ٤٧,٢ | ٤,٢ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٤٨,٤ | ٤٨,٢ | ٣,٤ | ١٠٠ | ٤٥,٢ | ٥٠,١ | ٤,٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٢ | ٣٢,٥ | ٦٢,٨ | ٤,٧ | ١٠٠ | ٣٩,٩ | ٥٧,٢ | ٢,٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :


١- هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٢) .

٢-جمهورية العراق، وزارة التخطيط،الجهاز المركزي للإحصاء، عدد سكان العراق حسب الفئات العمرية و الجنس و البيئة،٢٠١٢،ص٢ .

*گروپی نەزانراو لابراوە کە ژمارەکەی گەیشتۆتە(٢٣٦٤) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کە تیایدا (١٥٦٠) نێر وە (٨٠٤) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە (١٤٠٢)کەس، کە (٦٧٨٠) نێر و (٧٢٨٢) مێ بووە . هەروەها لەبەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان بە هەرێمی کوردستان نەکردووە.

شێوەی (٣)

گەشەکردنی ڕێژەیی دانیشتوان بە پێی ی گروپی بەرفراوانی تەمەن (السن العريضة) لە پارێزگای سلێمانی و عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٧-٢٠١٢) / (%)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (٣) .

کوردستان و عێراقدا سەپێنرا، دواتر گەمارۆدانی بەئابلۆقەدانێکی ئابووری تر لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٢) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەموو ئەم بارودۆخانە وایکرد چەندین نارێکی و لەبونیادی مرۆیی و ئابووری هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە دروست بێت، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژەی گروپی تەمەنە بچووکەکان هەبووە. ب- ئەم گروپی تەمەنە پاشەکشێیەکی بەردەوامی بەخۆوەبینیووە لە ڕێژەکەیدا بە بەراورد بە کۆی دانیشتوانی عێراق، چونکە کەمیکردووە لە (%٤٨,٦) لە ساڵی (١٩٧٧) دا بۆ (%٤٥,٢) لە ساڵی (١٩٨٧) دا، دواتر بۆ (%٣٩,٩) لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بە تێکرای گۆڕانکاریی لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، بەشێوەیەك گەیشتۆتە (-١٧,٩%)، هەرچەندە ڕێژەی تەمەن بچووکوکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کەمتر بووە لە هاوشێوەکەی لەسەر ئاستی عێراق بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە، بێجگەلە ساڵی (١٩٨٧)، کە ڕێژەی تەمەن بچووکەکان لە پارێزگاکەدا بەرزتر بووە لە هاوشێوەکەی لەسەر ئاستی عێراق، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیەش لە ئاستی ڕێژەی تەمەن بچووکەکان لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی عێراق شەڕێکی درێژخایەنی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا بەرپاکرد، هەروەها شەڕی داگیرکاریی وڵاتی کوەیت و سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری، سەرەڕای خراپبوونی بارودۆخی بژێوی و ئابووری و خزمەتگوزاریی و تەندروستی و بڵاوبوونەوەی و نەخۆشی و پەتا، و کەمی خزمەتگوزاری گشتی بۆ چاودێری منداڵ کە کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵ هەبووە، سەرباری بەرزبوونەوەی گروپی تەمەنە مامناوەندییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢) کە ئەویش هۆکارێکی تر بووە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان .

**٢ - گرووپی تەمەنە مامناوەندەکان ( ١٥- ٦٤ساڵ) :**

ئەم گرووپە لە کۆمەڵگادا بە گرووپی بەرهەم هێن دادەنرێن، ئەوانەش دەگرێتەوە کە لەتەمەنی کارکردندان، ئەرکی بەخێوکردنی خۆی و هەردوو گرووپەکەی تری دەکەوێتە ئەستۆ، ڕێژەی ئەم گرووپە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا (٦٥%) ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن، بەڵام لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (٥٦%)ی کۆی دانیشتوان، ئەم گرووپە کارلێك کراوترین گرووپن بە فاکتەری کۆچ . دەتوانرێت ئەم گرووپە لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا پۆلێن بکرێت بۆ دوو گرووپی لاوەکی کە بریتین لە: پێگەیشتوانی لاو(٣٤-١٥ساڵ) وە پێگەیشتوانی گەورە(٦٤-٣٥ساڵ) . لە خشتەی (٣) و شێوەی (٣) ی پێشووماندا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، ڕێژەی ئەم گرووپی تەمەنە بۆ کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە گەیشتۆتە (٤٨,٨%) لە ساڵی (١٩٧٧) دا، دواتر کەمیکردووە بۆ (٤٨,٢%) لە ساڵی (١٩٨٧) دا، بەجۆرێك تێکرایی گۆڕان لەماوەی نێوان هەردوو ساڵی سەرژمێرییەکە گەیشتۆتە (-١,٢%)، ئەمەش دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەمەن بچووکەکان، چونکە ڕێژەی تەمەن مامناوەندەکان کەم دەبێتەوە ئەگەر ڕێژەی تەمەن بچووکەکان بەرزبێتەوە وە پێچەوانەکەشی ڕاستە، دواتر ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٦٢,٨%)، لە کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی (٢٠١٢) . ئەویش بەرزترین ڕێژەیە کە ئەم گرووپی تەمەنە پێی گەیشتووە بە درێژایی ماوەی سەرژمێرییەکانی پێشوو، بەجۆرێك تێکرایی گۆڕان لەماوەی نێوان (١٩٨٧-٢٠١٢) دا، گەیشتۆتە (٣٠,٢٩%)، هۆکاری ڕوو لە زیادبوونی تەمەنە مامناوەندییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی تێکڕای لەدایکبوونەکان بەهۆی بارودۆخی ئابلۆقەی ئابوورییەوە ئەمەش بۆتە هۆی نزمبوونەوەی ڕێژەی تەمەن بچووکەکان، وە دواتریش نزمبوونەوەی ڕێژەی تەمەن مامناوەندەکان لە پارێزگاکەدا، چونکە کۆچ ڕووە و ناوچەی لێکۆڵینەوە زیادیکردووە، چونکە پارێزگای سلێمانی ناوچەیەکی ڕاکێشانی دانیشتوانە بەهۆی بوونی هەلی کاکردن تیایدا، وە زۆربەی کۆچبەرەکان لەتەمەنی کارکردندان ئەمەش بۆتەهۆی بەرزبوونەوەی ئەم گرووپە .

هەروەها لەخشتەی (٣) و شێوەی (٣) دا، پێشووماندا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی ئەم گرووپەی تەمەن بۆ کۆی دانیشتوانی عێراق بەرزبۆتەوە لە هەر ماوەیەکی سەرژمێری بۆ سەرژمێرییەکی تر، لە (٤٧,٢%) لە ساڵی (١٩٧٧) دا، بۆ (٥٠,١%) لە ساڵی (١٩٨٧) دا، پاشان بۆ (٥٧,٢%) لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بەجۆرێك تێکرایی گۆڕان گەیشۆتە (٢١,١٨%)، لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، بەهۆی نزمبوونەوەی ڕێژەی تەمەن بچووکەکان، دواتریش بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەمەن مامناوەندەکان لە عێراقدا .

**٣- گرووپی تەمەنە گەورەکان (٦٥ ساڵ و زیاتر):**

ئەم گرووپە وەك گرووپی تەمەن بچووکەکان بە گرووپی مشەخۆر و بەکارهێنەر دەناسرێن، ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی مێینەو بێوەژنی تیادایە بەهۆی درێژی تەمەنی مێینە بە بەراورد بە نێرینەکان، ئەم ڕێژەیەش دەگۆڕێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، بەشێوەیەك ڕێژەکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەگاتە نزیکەی لە (١١,٩%) ی کۆی دانیشتوان، ئەمەش بەهۆی درێژبوونەوەی تەمەن لەم وڵاتانەدا بەهۆی پێشکەوتنیان لە بواری تەکنەلۆجیا و تەندروستی، سەرەڕای پەیڕەوکردنی سیستەمی دیاریکردنی وەچە خستنەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، بەڵام تاوەکو ئێستا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا ئەم ڕێژەیە کەمدەکات بۆ نزیکەی (٥%) ی کۆی دانیشتوان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی مردنی دانیشتوانی نێو ئەم دەستەیە و بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون لە لایەکی ترەوە، وێڕای نەبوونی چاودێری تەندروست، (چراخان نصرالدين صالح، ٢٠١٥، ل١١٨) .

لەخشتەی (٣) و شێوەی (٣) دا، پێشووماندا، ئاماژە بە کەمی ئەو ڕێژەیە دەکەن، کە تەمەندارەکان دەینوێنن لە پارێزگاکەدا، بەجۆرێك لە ساڵی (١٩٧٧) دا، گەیشتۆتە ( ٣,٣%) ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، دواتر بەرزبۆتەوە بۆ (٣,٤%) لە ساڵی (١٩٨٧) دا، بە ڕێژەیەکی گۆڕان گەیشتۆتە (٣%) لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧)، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ڕێژەی ئەم گروپە بەرزبۆتەوە بۆ(٤,٧%) بە ڕێژەیەکی گۆڕان کە گەیشتۆتە (٣٨,٢%) لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٢) دا، پێشبینی دەکرێت بەرزتر بێتەوە بەتایبەت ئەگەر بارودۆخی تەندروستی باشتربوو، سەرەڕای بەرزبوونەوەی مەودای ژیان لە دەرئەنجامی ئەوەدا لە بەرچاوبگرین، وێڕای زیادبوونی ئەو گروپی تەمەنی دانیشتوانەیە کە فەراهەم کردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی پێویستی لێدەکەوێتەوەوەك خانەی چاودێری تەمەنە گەورەکان وە ئەو نەخۆشخانانەی پسپۆرن لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی پیریدا، هەربۆیە دەکرێت بڵێین کە ڕێژەی تەمەنە گەورەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە حاڵەتی جێگیری ڕێژەیدایە، وە ئەگەر زیاد بکات ئەوا بە بەهایەکی زۆر کەم زیاد دەکات وەك ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٧٧) دا زیادیکرد، بەشێوەیەك (٣,٣%) بوو، پاشان بوو بە (٤,٧%) لە ساڵی (٢٠١٢) دا، هۆکاری ئەم زیادبوونەش لەم گروپەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی تەمەن مامناوەندەکان لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەرکی بژێوی کەم دەبێتەوە وەك ئەنجامێکی سروشتی .  بە بەراورد لەگەڵ گروپی تەمەن گەورەکان وە هاوشێوەکەی لەسەر ئاستی عێراق دەبینرێت کە ڕێژەی تەمەن گەورەکان گەیشتۆتە (٤,٢%) لە ساڵی (١٩٧٧) دا، وە بەرزبۆتەوە بۆ (٤,٧%) لە ساڵی (١٩٨٧) دا، پاشان نزمبۆتەوە بۆ (٢,٩%) لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بە ڕێژەی گۆڕانکارییەك کە دەگاتە (٣٠,٩٥-%) لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی تەمەن بچووکەکان لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە بۆ کەمبوونەوەی تێکڕایی مردنی خاو، لە دەرەنجامی ئەوەشدا ئەرکی بژێوی کەم دەبێتەوە وە وەك دەرئەنجامێکی سروشتی .

ئاماژەکانی داتاکان لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا ئاماژە دەدەن بەوەی تا چەند گۆڕانکاریی ڕوویداوە لە ڕێژەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتواندا چ لەسەر ئاستی عێراق و پارێزگاکەش، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك هەندێکیان دیمۆگرافین وەك نزمبوونەوەی تێکڕاکانی مردن و لەدایکبوون وە جیاوازی تێکڕاکانی کۆچ، وە هەندێکیان ئابوورین وەك بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان، وە هەندێکی سیاسیە، و هەندێکی کۆمەڵایەتیە وەك زیادبوونی هۆشیاری تەندروستی ئەوەش گۆڕانکاری لێدەکەوێتەوە لە گروپەکانی تەمەندا بە تایبەت لە گروپی مامناوەندا .بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڕیار بدرێت لەسەر تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی تەمەنی گروپەکانی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانیدا بە پێی داتاکانی ساڵی (٢٠١٢)، بەپێی دابەشکردنی (Smith)، کە (پێیوایە ئەگەر ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان کەمتر بێت لە (٣٠%) ئەوا بە نزم دادەنرێت، وە ئەگەر لەنێوان (٤٠%-٣٠%) ئەوا مامناوەندییە، بەڵام ئەگەر لە (٤٠%) زیاتر بوو ئەوا بە بەرز دادەنرێت . هەروەها گروپی تەمەن مامناوەندەکان نزم دەبێت ئەگەر (٥٧,٥%) کەمتر بێت، وە مامناوەند دەبێت ئەگەر لەنێوان (٦١,٩%-٥٧,٥%) بێت، وە بەرز دەبێت ئەگەر (٦٢%) و زیاتر بێت)، (فایزمحمد العیسوي، ٢٠٠٩، ص٣٣٤) ، ڕێژەی تەمەن بچووکەکان مامناوەندە، بەهەمان شێوە بۆ گروپی تەمەن مامناوەندەکان بەرزە، لە کاتێکدا بۆ گروپی تەمەن گەورەکان مامناوەندە، ئەوەش جیاوازە لەوەی تێبینی کرا بە پێی داتاکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، بەڵام ڕێژەی تەمەن بچووکەکان بەرزبوو، بەڵام ڕێژەی تەمەنی مامناوەندەکان گەورەکان نزم بووە .

**سێ یەم : لێکۆڵینەوە لە هەندێك ئاماژە دیمۆگرافیەکانی پەیوەست بە تەمەنەوە :**

دوای لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی پارێزگاکە پێویستە هەندێك پێوەری ئاماری تر بەکاربهێنرێت بۆ وەسفکردنی بارودۆخی کۆمەڵگا لە ڕووی تەمەنەوە لەو پێوەرانەش، ناوەندی تەمەنی دانیشتوان کە بە یەکێك لە ئاماژە ئامارییە گرنگەکان دادەنرێت کە وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرا پارێزگاکەمان پێدەبەخشێت، هەروەها ڕێژەی بەخێوکردنی تیۆریی کە بە یەکێك لە ئاماژە گرنگەکان دادەنرێت کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی گۆڕاوی نێوان گروپە جیاوازەکانی تەمەنە بەتایبەت هەردوو گروپی تەمەنی بچووکەکان و گەورەکان لەلایەکەوە، وە گروپی تەمەن مامناوەندەکان، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لە ڕێژەی بەخێوکردن دەکەین .

**أ- ڕێژەی بەخێوکردن :**

ئەم ڕێژەیە بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت کە پەیوەستە بە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان ئەویش پێی دەوترێت (ڕێژەی بەخێوکردن)، ئەم ڕێژەیە پشت دەبەستێت بەبنەمای ئەوەی کە هەرتاکە کەسێك لە کۆمەڵگادا بەکاربەرە، وە ئەوانەی بەرهەم هێنن تەنها هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگاکان، واتە هەموویان بەکاربەرن بەڵام هەموویان بەرهەمهێن نین، بەڵکو بەرهەم هێنەرەکان تەنها بەشێکن، وە ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕێژەی تەمەنی دانیشتوانەوە، (ماهیة محسن الداودي،٢٠٠٤، ص١٢٩). واتە ڕێژەی بەخێوکردن دیاردەیەکی دانیشتوانە پەیوەندی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکانی تەمەن ڕوون دەکاتەوە ، بەشێوەیەکی تایبەت ڕادەی پەیوەندی لەنێوان گروپی تەمەن بچووکەکان لەلایەك و هەردوو گروپی تەمەن مامناوەند و تەمەندارەکان (تەمەن گەورەکان)، لەلایەکی ترەوە . ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیەکی گرنگە لەسەر قەبارەی هێزی کار و هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا کە خۆی لە گروپە گەنجەکاندا (لاوەکان) دا دەبینێتەوە، هەروەها لەهەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ قەبارەی ئەو گروپانەی دانیشتوان کە پشت بەستن بە ڕەنج و ماندووبونی گروپە گەنجەکان بۆ ژیاندنیان کە خۆی لە گروپی تەمەن بچووکەکان و تەمەن گەورەکاندا دەبینێتەوە . لەخشتەی (٤)دا، پێشکەوتنی ڕێژەی بەخێوکردن بۆ کۆی تەمەن بچووکەکان و بەتەمەنەکان (تەمەن گەورەکان) ی پارێزگای سلێمانی دەخاتەڕوو بە بەراوورد لەگەڵ عێراقدا لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٢) و لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێت :

**١-**بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی منداڵانی (تەمەن بچووکەکان)، (کەمتر لە ١٥ ساڵ) و تەمەندارەکان (٦٥ ساڵ و زیاتر) بۆ کۆی دانیشتوان دەبێنە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی بەخێوکردنی بچووکەکان و گەورەکان، و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، چونکە دەرکەوتووە لە داتایەکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) کە هەر (١٠٠) کەسی چالاکی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کە چالاکە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەرکی بەخێوکردنی (١٠٥) کەسی دەکەوێتە سەر لە کۆی دانیشتوان و کە دەکاتە(٩٨,٢) کەس لە تەمەن بچووکەکان، و (٦,٨) کەس لە تەمەن گەورەکان دەکەوێتە سەریان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕادەی ئەو ئەرکە مادی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە دەکەوێتە سەرشانی بەخێوکەرەکان، کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لە پارێزگاکەدا لایداوە کە دەکاتە (٦,٩-%) ، لە هاوشێوەکەی لە عێراق، لەکاتێکدا ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لایداوە کە دەکاتە (٤,٨-%)، وە ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان لە پارێزگاکەدا لایداوە کە دەکاتە (٢,٨-%)، لە هاوشێوەکەی لە عێراق بەپێی داتاکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) .

خشتەی (٤)

ڕێژەی بەخێوکردن لە پارێزگای سلێمانی بە بەراورد بە عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)*

| ساڵ | پارێزگا | | | عێراق | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان** | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەندارەکان *** | کۆی ڕێژەی بەخێوکردن **** | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەندارەکان | کۆی ڕێژەی بەخێوکردن |
| ١٩٧٧ | ٩٨,٢ | ٦,٨ | ١٠٥ | ١٠٣ | ٨,٩ | ١١١,٩ |
| ١٩٨٧ | ١٠٠,٦ | ٧ | ١٠٧,٦ | ٩٠,٢ | ٩,٤ | ٩٩,٦ |
| ٢٠١٢ | ٥١,٨ | ٧,٥ | ٥٩,٣ | ٦٩,٦ | ٥,٨ | ٧٥,٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:١- هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٢)، خشتەی (٣) .

* لە بەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراووردمان بە هەرێمی کوردستان نەکردووە .

**.ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان = ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەن بچووکەکان (٠-١٤) ساڵ/ ژمارەی دانیشتوانی گروپە مامناوەندەکان (١٥-٦٤) ساڵ x 100

*** ڕێژەی بەخێوکردنی گروپەتەمەندارەکان = ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەندارەکان (٦٥) ساڵ و زیاتر / ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەن مامناوەندەکان (١٥-٦٤) ساڵ x 100 .

**** کۆی ڕێژەی بەخێوکردن = ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەن بچووکەکان(٠-١٤) ساڵ + ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەندارەکان (٦٥) ساڵ و زیاتر /ژمارەی دانیشتوانی گروپی تەمەن مامناوەندەکان (١٥-٦٤) ساڵ x 100. (محمد مختار محمد العماري، ١٩٩٧، ص٢٣٠-٢٣١) .

٢- کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لە پارێزگاکەدا لە ماوەی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا بەرزبۆتەوە بۆ (١٠٧,٦) کەس لە کۆی دانیشتوان . بەڵام کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لە عێراقدا لەهەمان ساڵدا کەمیکردووە بۆ (٩٩,٦) کەس، وە لەلایەکی ترەوە ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە پارێزگاکەدا بەردەوام بووە لە بەرزبوونەوە تا گەیشتۆتە (١٠٠,٦) کەس لە ساڵی (١٩٨٧) دا، بەڵام ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە پارێزگاکەدا بە ڕێژەی (١٠,٤+%) لایداوە، لە هاوشێوەکەی لە عێراق، وە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە پارێزگاکەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان و دابەزینی ڕێژەی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردندا ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەو ئەرکانەی کە دەکەونە ئەستۆی ئەو کەسانەی لە ڕووی ئابوورییەوە چالاکن، بەڵام دابەزینی ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی تێکڕاکانی بە پیتی و دابەزینی ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و ئاسایش لە ماوەی شەڕی عێراق و ئێراندا ئەمەش بۆتەهۆی کەمبوونەوەی فشار لەسەر گروپی بەرهەمهێن لە دانیشتوانی عێراق، بەڵام ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان لە پارێزگاکەدا لایداوە کە دەکاتە (٢,٤-%)، لە هاوشێوەکەی لە عێراق بەپێی داتاکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) .

٣- کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لە پارێزگاکەدا کەمیکردووە، بەجۆرێك (٥٩,٣) کەسی تۆمار کردووە لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بەو پێیەش بە ڕێژەی (١٦,١-%) لایداوە لە هاوشێوەکەی لە عێراقدا، هەروەها بەوپێیەش ڕێژەوی بەخێوکردن لە هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و عێراقدا نزمترین بەهای تۆمارکردووە لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٢) دا، بەهۆی

گۆڕانکاری بارودۆخی ئەمنی و ئابووری و تەندروستی لە عێرقدا بە گشتی و پارێزگاکەدا بەتایبەت . بەڵام ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە پارێزگاکەدا بە (-١٧,٨%) لایداوە لە هاوشێوەکەی لە عێراقدا، بە پێی داتاکانی ساڵی (٢٠١٢)، بەڵام ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان لە پارێزگاکەدا بە (+١,٧%) لایداوە لە هاوشێوەکەی لەعێراقدا، بۆیەکەمین جارە ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان لەپارێزگاکەدا زیاترە لە هاوشێوەکەی لەعێراقدا، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی تێکڕاکانی پیتداریی گشتی لەپارێزگاکەدا بە بەراورد لەگەڵ عێراقدا لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کۆچی دانیشتوان بۆپارێزگاکە لەڕابردوودا کە بۆتەهۆی کەڵەکەبوونیان لە چەند گروپێکدا کە ئێستا گەورەن لەتەمەندا وە جێگای نەوە گەنجەکانی ڕابردوویان گرتۆتەوە .

سەرەڕای ئەو دابەزینەی کۆی ڕێژەی بەخێوکردن بەخۆوەی بینیووە لەهەریەك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و عێراقدا لەساڵانی دوایدا بەڵام هێشتا بەرزە بە بەراورد لەگەڵ هەندێ ناوچەی تری جیهان، چونکە ڕێژەی بەخێوکردنی گشتی لە جیهاندا نزیکەی (٦٠,٧٨%) و (٤٩,٦٨%) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتوودا بە (٦٣,٩٤%) خەمڵێنراوە لە کۆی دانیشتوانەکەیان لە ساڵی (١٩٩٥) دا، (طة حمادي الحديثي ، ١٩٨٨،ص٦٢٠)، داتاکانی خشتەی (٥)، ئەوە نیشاندەدەن کە جیاوازییەکی شوێنی هەیە لە ڕێژەی بەخێوکردندا لەنێوان شارنشین و گوندنشیندا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لە ناوچە شارنشینەکاندا گەیشتۆتە (١٠٠,٦، ١٠١,٨، ٥٧,٦ ) بۆ ساڵانی (١٩٧٧، ١٩٨٧، ٢٠١٢) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك، ئەمە لەکاتێکدا دەبینین هەمان ڕێژە بەرزبۆتەوە لە ناوچە گوندنشینەکان بەجۆرێك گەیشتۆتە (١٠٩,٢، ١٢٣,٧، ٦١,٧) بۆ هەمان ساڵەکانی ناوبراو یەك بەدوای یەك، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەو جیاوازییە خۆی لە زیادبوونی ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی پیتداری و تێکڕاکانی بەتەمەنکردن خۆی دەبینێتەوە، سەرەڕای کۆچی شوێنی دانیشتوانی گوندنشین وە ڕووکردنیان لە سەنتەرە شارنشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە یان پارێزگاکانی تر .

٢- ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان لە ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگاکەدا بەرزترە لە هاوشێوەکەی لە ناوچە شارنشینەکان بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە، وە جیاوازی ڕێژەیی گەیشتۆتە ئەوپەڕی (+٧%) لە قازانجی ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگاکە بووە لە ساڵی (١٩٧٧) دا .

خشتەی (٥)

ڕێژەی بەخێوکردن بە پێی ی شارنشین و گوندنشین لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) *

| ساڵ | شارنشین | | | گوندنشین | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەندارەکان | کۆی ڕێژەی بەخێوکردن | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەن بچووکەکان | ڕێژەی بەخێوکردنی گروپی تەمەندارەکان | کۆی ڕێژەی بەخێوکردن |
| ١٩٧٧ | ٩٤,٦ | ٦ | ١٠٠,٦ | ١٠١,٦ | ٧,٦ | ١٠٩,٢ |
| ١٩٨٧ | ٩٥,٤ | ٦,٤ | ١٠١,٨ | ١١٥,١ | ٨,٦ | ١٢٣,٧ |
| ٢٠١٢ | ٥٠,٣ | ٧,٣ | ٥٧,٦ | ٥٣,٢ | ٨,٥ | ٦١,٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٢) .

* لە بەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان بە هەرێمی کوردستان نەکردووە .

٣- ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان (تەمەن گەورەکان) لە ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگاکەدا زیاتر بووە لە هاوشێوەکەی لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگاکەدا لە هەموو ساڵانی لێکۆڵینەوەدا، وە جیاوازی نێوانیان دەگاتە ئەوپەڕی بە قازانجی ناوچە گوندنشینەکان بووە لە ساڵی (١٩٧٧) دا، کاتێك ڕێژەی بەخێوکردنی گروپە تەمەندارەکان گەیشتۆتە (٧,٦) لەبەرامبەر (٦) بۆ ناوچە شارنشینەکانی پارێزگاکە، بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەخێوکردن لە ناوچەی گوندنشینەکان دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی قەبارەیی گروپی تەمەن مامناوەندەکان کە هەمیشە گروپە تەمەندارەکان بەخێو دەکات یان خۆراکی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان دابین دەکات بەتایبەت دوای پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی لە گوندەکاندا .

لەوەی پێشووەوە تێبینی دەکرێت ئاڕاستەی گشتی کۆی ڕێژەی بەخێوکردن لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین هاوشێوەیە لەگەڵ ئاڕاستەی ناوەندی گشتی ناوچەکە لەڕووی ئەوەی بە دابەزین دەناسرێتەوە لە کۆتایی ماوەی لێکۆڵینەوەدا بە بەراوورد لەگەڵ سەرەتاکەی .

**٤- هەرەمەکانی دانیشتوان :**

هەرەمی دانیشتوان بە یەکێك لە شێوەکانی داتا دادەنرێت کە تیایدا وێنەیەکی ڕاستەقینە لە پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی کۆمەڵگا دەردەخات، ئەمەش پێوانەیەکی گرنگە کە داتایەکی سەرەتایی نیشان دەدات لە پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشوان، (سیروان حسێن ئیسماعیل، ٢٠١٥،ل١٠٧) کەواتە هەرەمی دانیشتوان وێنەیەکی بەیانیە و پێشی دەوترێت (هەرەمی تەمەنی جۆریی دانیشتوان)، (طەحمادي الحديثي،١٩٨٨، ص٥٩٠). هەروەها بیرۆکەی بنەرەتی بۆ ڕەسم کردنی هەرەمی دانیشتوان پشت دەبەستێت بە ژمارە ڕەهاکان و ڕێژە سەدییەکان، (عبدالحسين زيني و عبدالكريم القيسي، ١٩٩٠، ص٧٩)، واتە هەرەمی دانیشتوان ئاماژە بە ڕێژەی گروپی هەر تەمەنێك لە کۆی گشتی دانیشتوان دەکات، ئەم جۆرە هەرەمە دروست دەکرێت لە ڕێگەی کێشانی هێڵێکی ڕاستی ئاسۆیی و هلێکی تری ستوونی ، بەشێوەیەك هێڵی یەکەم ژمارەی ڕاستەقینە یان ڕێژەی سەدی نێر و مێی هەر گروپێکی تەمەن ڕوون دەکاتەوە، و هێڵی دووەمیش گروپەکانی تەمەن ڕوون دەکاتەوە، (علی لبیب، ٢٠٠٤، ص١٣٠). هەرەمی دانیشتوان ئەوە دەرەخسێنێت کە بە ئاسانی و بە خێرایی دەتوانیت ڕێژەی دانیشتوان لە تەمەنی کاردان بزانیت وە هەروەها بزانیت چەند دانیشتوان بەخێو دەکرێن چ منداڵ بن یاخود پیربن، وە دەتوانین لە ڕێگەی ئەوەوە بزانین شێوازی گەشەی دانیشتوان بۆ هەر وڵاتێك وە ئەو قۆناغەی پیایدا تێدەپەڕێت چەندە و چۆنە، وە لە ڕێگەی هەرەمی دانیشتوانەوە دەکرێت زۆر زانیاری بە دەست بهێنرێت لەسەر دانیشتوان چونکە وەك بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر تێکڕاکانی لەدایکبوون و مردن و کۆچی هاتوو و ڕۆیشتوو، چونکە بنکی هەرەمەکە فراوان بێت ئەوا مانای بەرزی لەدایکبوون دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لاکانشی بچووك بێتەوە بەشێوەیەکی پلەپلەیی ئەوەش واتای کەمووکورتیە  کە لە دەرئەنجامی مردن یاخود کۆچ لە هەر گروپێکی تەمەندا یەك بە دوای یەك ڕوودەدات کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە ئەویش دەرئەنجامی سەد ساڵە لە لەدایکبوون و مردن و کۆچ، (أحمد حمود محسين السعدي،٢٠٠٥، ص٤٣).

سەرباری ئەم فاکتەرانەش  کە کاردەکەنە سەر ڕێکوپێکی هەرەمەکە وەك جەنگ و برسێتی و نەخۆشی و کارەساتی سروشتی وەك لافاو ....هیتر. بەم پێیەش هەرەمی دانیشتوان وا پێناسە دەکرێت مێژووییەکی دیمۆگرافیية، ئەمەی خوارەوەش لێکۆڵینەوەیەکە لە هەرەمی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پاشان بە پێی ژینگەکەیان (شارنشین و گوندنشین) :- **أ- هەرەمی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی :** لە سەیرکردنی شێوەی (٤) دا،

هەرەمی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵانی (١٩٧٧،١٩٨٧،٢٠١٢) دەردەخات، بە پشت بەستن بە دراوەکانی خشتەی (٦) دروستکراوە، دەکرێت ئاماژە بدەین بەدیارترین تایبەتمەندییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە :

١-هەرەمی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە پێی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکانی ساڵانی (١٩٧٧،١٩٨7) بەوە دەناسرێتەوە کە چەند بنکەیەکی پان و فراوانی هەیە کە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گروپی تەمەن بچووکەکانەوە دروست دەبێت بەتایبەتی لە گروپی تەمەنی (٤-٠) ساڵ، کە دەگاتە (١٩,٦%، ١٨,٨%) ی کۆی دانیشتوانیان لە دەرئەنجامی سەرژمێرییەکانی ناوبراودا پێکهێناوە . ئەوەش ئاماژەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ بەرزبوونەوەی تێکڕاکانی پپیتداری لە نێوان دانیشتوانی پارێزگاکەدا دووپات دەکاتەوە، ئەوەشی لێدەکەوێتەوە کە کۆمەڵگای پارێزگای سلێمانی کۆمەڵگایەکی گەنجە، وە شێوازی گەشەکردووی تێکڕاکانی لەدایکبوون بە چەند ڕێژەیەکی بەرز دەنوێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکڕاکانی گەشە تیایدا بەرز بێت، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بنکەی هەرەمەکە بچووك دەبێتەوە بەتایبەتی لە گروپی تەمەن بچووکەکاندا بەهۆی نزمبوونەوەی تێکڕاکانی لەدایکبوونەوە .

٢- ئەم هەرەمانە بەوە دەناسرێنەوە کە لوتکەکانیان بچووکە (بەرتەسکە)، ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر دابەزینی ڕێژەی گروپی تەمەندارەکان کە ٦٥ ساڵ تێدەپەڕێنێت کە ڕێژەیان نزیکەی (٤%) زیاتر نەبووە لە کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە بە هەر سێ ساڵی (١٩٧٧، ٢٠١٢، ١٩٨٧)، ئەمەش شتێکی ئاساییە بەهۆی ئەوەی مرۆڤ دووچاری ماندووبونی زۆر دەبێت تا لەم تەمەنە نزیك دەبێتەوە بەجۆرێك ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی تێکڕای مردن لەگەڵ گەورەبوونی تەمەندا .

٣- بوون جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان ژمارەی نێر و مێ لە گروپە تەمەنە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار ژمارەی نێرینە زیاترە لە مێینە لە گروپەکانی تەمەنی لاودا (١٤-٠) ساڵ، بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە جگەلە ساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی مێینە کەمتر بووە لە نێرینە لە گروپی تەمەنی (١٤-٠) ساڵ و (٩-٥) ساڵ، چونکە ژمارەی لەدایکبوونەکان لە ڕەگەزی نێرینە زیاتربووە لە مێینە . لەبەرامبەردا ژمارەی نێرینە زیاترە لە مێینە لە گروپی تەمەندارەکان ، جگەلە ساڵی (٢٠١٢)، بەڵام ڕێژەی نێرینە لە ڕێژەی مێینە زیاترە لە گروپی تەمەنی (٨٤-٨٠) ساڵی (١٩٧٧) دا، ئەوەش خەسڵەتێکی سروشتیە وەك ئاماژەی پێدراوە پێشتر لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی جۆریی دانیشتوان ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناوەندی تەمەنی نێرینە زیاترە لە ناوەندی تەمەنی مێینە .

٤- لە شێوەی (٤) دا، تێبینی دەکەین کە هەرەمی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (١٩٧٧) دا تیژ (مدببا) بووە ڕووە و لوتکە بەشێوەیەکی پلەبەندی لە گروپە تەمەندارەکاندا بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی مردن لە تەمەنە گەورەکاندا، دابەزینێکی زۆر هەیە لە لایەنی نێرینەدا لە گروپی تەمەنی (١٩-١٥) ساڵ بەهۆی کۆچی ڕۆشتووەوە لەگەڵ ڕوودانی حاڵەتی مردنی دووبارە بووەوە لەناو نێردا .

خشتەی (٦)

ڕێژەی سەدی ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی بە پێی ی ڕەگەز (جۆر) وگروپی تەمەنە پێنجییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)*

| گروپەکانی تەمەن | ١٩٧٧ | | | ١٩٨٧ | | | ٢٠١٢ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| ٠-٤ * * | 18.8 | 20.4 | 19.6 | 18.9 | 18.6 | 18.8 | 10.7 | 10.9 | 10.8 |
| ٥-٩ | 17.3 | 17.8 | 17.5 | 16 | 15.7 | 15.9 | 9.6 | 12.1 | 10.9 |
| ١٠-١٤ | 10.8 | 10.9 | ٨10. | 14.1 | 13.5 | 13.8 | 11.2 | 10.5 | 10.9 |
| ١٥-١٩ | 5.7 | 8.4 | ٧,١ | 13.1 | 12.0 | 12.6 | 11.4 | 9.2 | 10.3 |
| ٢٠-٢٤ | 13.5 | 9.4 | ٥11. | 7.3 | 7.8 | 7.6 | 9.9 | 9.1 | 9.5 |
| ٢٥-٢٩ | 8 | 6.6 | ٣7. | 3.2 | 5.3 | 4.2 | 10.2 | 9.1 | 9.7 |
| ٣٠-٣٤ | 4.8 | 4.6 | 4.7 | 6.3 | 6.6 | 6.5 | 7.1 | 7.7 | 7.4 |
| ٣٥-٣٩ | 4.5 | 4.3 | 4.4 | 4.4 | 4.6 | 4.5 | 6.2 | 6.8 | 6.5 |
| ٤٠-٤٤ | 3.4 | 3.9 | ٧3. | 3.0 | 2.9 | 2.9 | 6.8 | 5.9 | 6.4 |
| ٤٥-٤٩ | 3.7 | 4.0 | ٩3. | 3.2 | 2.6 | 2.9 | 4.1 | 4.9 | 4.5 |
| ٥٠-٥٤ | 2.7 | 3.0 | ٩2. | 2.4 | 2.4 | 2.4 | 1.6 | 3.7 | 2.6 |
| ٥٥-٥٩ | 1.7 | 2.0 | 1.8 | 2.7 | 2.6 | 2.7 | 4 | 3.2 | 3.6 |
| ٦٠-٦٤ | 1.7 | 1.6 | 1.6 | 1.8 | 2.0 | 1.9 | 2.6 | 2 | 2.3 |
| ٦٥- ٦٩ | 1.1 | 1.1 | 1.1 | 1.1 | 1.2 | 1.1 | 1.5 | 1.5 | 1.5 |
| ٧٠-٧٤ | 1 | 0.9 | 0.9 | 1 | 0.9 | 0.9 | 1.4 | 1.2 | 1.3 |
| ٧٥-٧٩ | 0.7 | 0.7 | 0.7 | 0.6 | 0.5 | 0.6 | 0.4 | 0.6 | 0.5 |
| ٨٠-٨٤ | 0.3 | 0.2 | 0.2 | 0.4 | 0.4 | 0.4 | 0.8 | 1 | 0.9 |
| ٨٥ و زیاتر | 0.3 | 0.3 | 0.3 | 0.4 | 0.3 | 0.4 | 0.6 | 0.6 | 0.6 |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ١- هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٢).

* گروپی نەزانراو لابراوە کە ژمارەکەی گەیشتۆتە(٢٣٦٤) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کە تیایدا (١٥٦٠) نێر وە (٨٠٤) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە (١٤٠٢) کەس، کە (٦٧٨٠) نێر و (٧٢٨٢) مێ بووە . هەروەها لە بەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان بە هەرێمی کوردستانیش نەکردووە .


** لەچوارچێوەی گروپی کەمتر لە ساڵێك، کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (٢٩٧٣٢) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کەتیایدا (١٥٦٨٥) نێر و (١٤٠٤٧) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(٣٦٩١٧) کەس، کە (١٩٠٤٦) نێر بووە و (١٧٨٧١) مێ بووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(٣٧٢٨٨) کەس، کە (١٩١٢٥) نێر و (١٨١٦٣) مێ بووە .

شێوەی (٤)


هەرەمی دانیشتوان بۆ پارێزگای سلێمانی لە ساڵەکانی (١٩٧٧-١٩٨٧-٢٠١٢) دا




١٩٧٧




١٩٨٧




٢٠١٢

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی (٦).

وه بەرزبوونەوەی ڕێژەی نێرینە بەسەر مێینەدا لە گروپی تەمەنی (٢٤-٢٠) ساڵ ئەوەش رەنگە ڕەنگدانەوەی تۆمارکردنی مێینە بێت بۆ تەمەنی خۆیان لە گروپێکی کەمتردا لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان ئەمەش دیاردەیەکی باوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەجۆرێك ڕەگەزی مێینەی بەتایبەتی گەنجەکان زۆرجار تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان ناڵێن وە لەسەرژمێرییەکاندا بەمنداڵتر تۆماری دەکەن . بەشێوەیەکی گشتی شێوەی هەرەمەکە نزیکی لە سێگۆشەوە بەڵگەی ئەوەیە کۆمەڵگای دانیشتوان لە پارێزگاکەدا لەجۆریی گەنجە .

٥- لە هەرەمی دانیشتوانی ساڵی (١٩٨٧) دا، وە شێوەی (٤) دا، دەردەکەوێت کە دابەزینێکی بەرچاو هەیە لە ڕێژەکانی دانیشتواندا لە گروپە گەنجەکانی تەمەندا بەتایبەتی لەنێوان دانیشتوانی نێرینەدا لە گروپی تەمەنی (٢٩-٢٥) ساڵ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو گەنجانە لە سەرەتایی تەمەنی خزمەتی سەربازیدابوون وە عێراقیش لەوکاتەدا لە حاڵەتی شەڕدا بووە لەگەڵ ئێراندا ، وە ناوچەی لێکۆڵینەوەش لە پارێزگا نزیکەکانی سنووری ئێران بووە، وە زۆرێك لە گەنجانی هەرێم پەیوەندییان کردووە بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە یان کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی هەرێم .

٦- کەمبوونەوەی ڕووبەری شریتەکان لە گروپی تەمەن مامناوەندییەکان لە (٦٤-١٥) ساڵ زیادیکردووە، بەتایبەتی لە گروپەکانی تەمەنی (٢٩-٢٥) ساڵ و (٣٤-٣٠) ساڵ وە بەشێوەیەکی ڕوونتر لە هەردوو گروپی دواتردا . بەرزبوونەوەی ڕێژەی گروپی تەمەن مامناوەندەکان ئاماژەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە پەیوەندییان بەهێزی کارەوە کردووە چ لە ڕەگەزی نێر بن یان مێ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی دوای ساڵی (٢٠٠٣) لە پارێزگاکەدا .

**ب- هەرەمی دانیشتوان لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لە پارێزگاکەدا :**

لەتێبینکردنی شێوەی (٥) ەوە، جیاوازی هەرەمی دانیشتوانی پارێزگاکە دەردەخات لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین بۆ ساڵانی (١٩٧٧، ١٩٨٧، ٢٠١٢)، کە بە پشت بەستن بە دراوەکانی خشتەی (٦٤) وێنەکراوە، دەکرێت ئاماژە بدەین بە دیارترین تایبەتمەندییەکانی :

١- بەرزبوونەوەی ڕێژەی کروپی تەمەن بچووکەکان لەنێوان ناوچە گوندنشینەکان و شارنشینەکاندا بە درێژایی ساڵانی لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، ئەمەش دیاردەیەکی باوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە .

٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی گروپی تەمەن مامناوەندەکان لە ناوچە شارنشینەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ناوچەی گوندنشین، چونکە ناوچە شارنشینەکان ناوەندی ڕاکێشانی دانیشتوانن بەتایبەتی گەنجان، وە زۆربەی دانیشتوانی گوندنشینی ناوچەی لێکۆڵینەوە دووچاری پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکاریی بوون و نیشتەجێکراون لە ناوەندە شارستانیەکاندا وە سەرئەنجام نەگەڕاونەتەوە بۆ سەرزێدی خۆیان بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردن، و کەمی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، سەرەڕای کۆچی بەردەوامی گەنجان بۆ سەنتەرە شارستانیەکان بەتایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٩١) بەهۆ هەبوونی هەلی کارو سوود وەرگرتن لەو خزمەتگوزارییانەی لە شارەکاندا هەن .

٣- بەڵام ڕێژەی گروپی تەمەندارەکان بەزۆری لە گوندەکاندا نیشتەجێ دەبن، وە دەرئەنجامەکەشی دەبێتەهۆی زیادبوونی ڕێژەی گروپی تەمەندارەکان لە ناوچە گوندنشینەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ناوچە شارنشینەکان، هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیەش لە ناوچەی گوندنشین پارێزگاکەدا دەگەڕێتەوەبۆ پێویستی کەسانی بە تەمەن بۆ پشوودان بەتایبەتی دوای تەمەنی خانەنشینی .ئەوەش بە ڕوون دەرکەوتووە لە شێوەی (٥)، کە لوتکەی هەرەمەکە فراوان دەبێت بەجۆرێك لە ناوچەی گوندنشین زیاترە وەك لە شارنشین .

خشتەی (٧)

دابەشبوونی ڕێژەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی سلێمانی بە پێی ی گروپی تەمەنە پێنجییەکان و شارنشین و گوندنشین لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)*

| گروپەکانی تەمەن | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠١٢ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین |
| ٠-٤ * * | 18.7 | 20.2 | 17.9 | 21 | 10.8 | 10.8 |
| ٥-٩ | 16.8 | 18.3 | 15.7 | 16.4 | 10.7 | 11.7 |
| ١٠-١٤ | 11.7 | 10.1 | 13.7 | 14 | 10.4 | 12.9 |
| ١٥-١٩ | 8.2 | 5.8 | 12.7 | 12.3 | 9.8 | 12.5 |
| ٢٠-٢٤ | 11.5 | 11.7 | 8 | 6.5 | 9.6 | 8.9 |
| ٢٥-٢٩ | 7.2 | 7.5 | 4.6 | 3.1 | 10.0 | 8.3 |
| ٣٠-٣٤ | 5 | 4.5 | 6.6 | 6.1 | 7.6 | 6.5 |
| ٣٥-٣٩ | 4.7 | 4.2 | 4.5 | 4.5 | 6.5 | 6.3 |
| ٤٠-٤٤ | 3.7 | 3.5 | 3.0 | 2.7 | 6.5 | 5.9 |
| ٤٥-٤٩ | 3.8 | 3.8 | 3.0 | 2.7 | 4.8 | 3 |
| ٥٠-٥٤ | 2.7 | 2.9 | 2.5 | 2.2 | 2.6 | 2.5 |
| ٥٥-٥٩ | 1.6 | 2.0 | 2.7 | 2.5 | 3.6 | 3.7 |
| ٦٠-٦٤ | 1.4 | 1.8 | 1.9 | 1.9 | 2.3 | 2.2 |
| ٦٥-٦٩ | 1.1 | 1.2 | 1.1 | 1.3 | 1.6 | 1.2 |
| ٧٠-٧٤ | 0.9 | 0.9 | 0.9 | 1.1 | 1.3 | 1.2 |
| ٧٥-٧٩ | 0.6 | 0.8 | 0.5 | 0.6 | 0.5 | 0.5 |
| ٨٠-٨٤ | 0.2 | 0.3 | 0.4 | 0.4 | 0.8 | 1 |
| ٨٥ و زیاتر | 0.2 | 0.4 | 0.3 | 0.4 | 0.4 | 1.2 |
| کۆ | ١٠٠ | 100 | 100 | 100 | ١٠٠ | ١٠٠ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : - هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (٢) .

* گروپی نەزانراو لابراوە کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (٢٣٦٤) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کە تیایدا (١٥٦٠) نێر وە (٨٠٤) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە (١٤٠٢) کەس، کە (٦٧٨٠) نێر و (٧٢٨٢) مێ بووە، هەروەها لە بەرنەبوونی داتا ساڵی (٢٠٠٢) وەرنەگیراوە و بەراوردمان بە هەرێمی کوردستانیش نەکردووە .


** لەچوارچێوەی گروپی کەمتر لە ساڵێك، کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (٢٩٧٣٢) کەس لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)، کەتیایدا (١٥٦٨٥) نێر و (١٤٠٤٧) مێ بووە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(٣٦٩١٧) کەس، کە (١٩٠٤٦) نێر بووە، (١٧٨٧١) مێ بووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٢) دا، ژمارەکەی گەیشتۆتە(٣٧٢٨٨) کەس، کە(١٩١٢٥) نێر و (١٨١٦٣) مێ بووە .

شێوەی (٥)


هەرەمی دانیشتوان بۆ پارێزگای سلێمانی بەپێی شارنشین و گوندنشین لە ساڵەکانی (١٩٧٧-١٩٨٧-٢٠١٢) دا




1977




1987




2012

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی (٧) .

**دەرئەنجام :**

١- پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگا سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە ڕووی پێکهاتەی کارگێرییەوە لە ساڵی (٢٠١٢) دا لە (١٢)قەزاو (٤٢)ناحیەپێکهاتووە،وە ڕووبەری پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٢) دا، گەیشتۆتە (١١٤٤٩)کم$^{2}$.

٢- ڕێژەی جۆر لە پارێزگای سلێمانی لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) دا، گەیشتۆتە (١١٨,٨%)، (نێر/ ١٠٠مێ)، ئەم ڕێژەیە زیاتر بووە لە ڕێژەی جۆر لەسەر ئاستی عێراق کە گەیشتۆتە (١٠٦,٣%)، (نێر/ ١٠٠مێ)، لە ساڵی ناوبراودا، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) دا، ڕێژەی جۆر لە پارێزگای سلێمانی نزمبوویەوە بەجۆرێك گەیشتۆتە (١٠٣,١%)، بە ڕێژەی گۆڕانكارییەك كە بڕەكەی (-١٣,٢١%)، لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) دا، بەڵام لە ساڵی لە ساڵی (٢٠١٢) دا جارێكی تر ڕێژەی جۆر دادەبەزێت لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و عێراقیش، بەجۆرێك لە پارێزگای سلێمانی بریتی بووە لە (١٠٠,١%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، و لە عێراقیشدا دابەزیوە بۆ (١٠٣,٨%) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەك، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نائاسایی ئەو بارودۆخەی بەسەر دانیشتوانی عێراق و هەرێمی كوردستاندا هاتووە بە تایبەت لە دوای ڕووداوی ساڵی (١٩٩٠)، بەشێوەیەك گەمارۆیی ئابووری بەسەر دانیشتوانی هەرێمی كوردستان و عێراقدا سەپێنراوە، واتە ناوچەی لێكۆڵینەوە وەك بەشێك لە هەرێمی كوردستان، كە ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر كۆچكردنی ژمارەیەك لە گەنج لە ڕەگەزی نێر بۆ وولاتانی ئەوروپا و ئێران، سەرەڕای بارودۆخی سیاسی ناوخۆی كوردستان و شەڕی ناوخۆ پارێزگای سلێمانی لەپرشكی ئەو شەڕە بێبەش نەبووە، بەڵكو بۆتە هۆی كوژرانی ژمارەیەك گەنج لە ڕەگەزی نێر، وێڕای كۆچكردنی ژمارەیەكی تر بۆ دەرەوەی وڵات لە پێناوی پاراستنی خۆیان و بەردەوام بوونیان لەژیان .

٣- داتاكانی ماوەی نێوان ساڵانی لێكۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەدەن، كە گۆڕانكاریی ڕوویداوە لەڕێژەی پێكهاتەی تەمەنی دانیشتوان چ لەسەر ئاستی پارێزگا و عێراقیش، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك فاكتەر كە هەندێكیان دیمۆگرافین وەك نزمبوونەوەی تێكڕاكانی لەدایكبوون و مردن، جیاوازی تێكراكانی كۆچ، وە هەندێكیان ئابوورین وەك بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان و هەندێكیشیان سیاسی و كۆمەڵایەتین وەك زیادبوونی هۆشیاری تەندروستی و فێركاریی و ..هیتر. ئەوەش بۆتەهۆی گۆڕانی گروپی تەمەن بەتایبەت بەرزبوونەوە لە گروپی تەمەن مامناوەندەكاندا.

٤- كۆی ڕێژەی بەخێوكردن نزمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە لە هەریەك لە ناوچەی لێكۆڵینەوە و عێراق لە ساڵانی كۆتایی لێكۆڵینەوەكە . بەڵام ئاڕاستەی گشتی كۆی ڕێژەی بەخێوكردن لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لەیەك دەچن لەگەڵ ئاڕاستەی گشتی لێكۆڵینەوەكە لەڕووی ئەوەی كە ڕێژەكە نزمبۆتەوە لە كۆتایی ماوەی لێكۆڵینەوە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی سەرەتادا .

٥- هەرەمی دانیشتوانی پارێزگاكە بە پێی داتاكانی سەرژمێری ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧)، دەتوانین وەسفی بكەین كە هەرەمی كۆمەڵگایەكی گەنجە، بەڵام گۆڕانكارییەكان لە تێكڕاكانی گەشە و كۆچدا بوونەتە هۆی گۆڕانكاریی شێوەی هەرەمی دانیشتوان بەپێی داتای ساڵی (٢٠١٢)، بەوپێیەش كۆمەڵگای دانیشتوان ڕووی لەپێگەیشتوو كردووە، بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین هەرەمی دانیشتوان باڵا دەستی پیشان دەدات بۆ دانیشتوانی گوندنشین لە گروپی تەمەندارەكان (٦٥) ساڵ و زیاتر بە درێژایی ماوەی لێكۆڵینەوە، جگەلە ساڵی (٢٠١٢)، لەناو ئەو گروپانەی تەمەندا ڕێژەكان بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیان بەخۆوە بینیووە. هۆكاری زیادبوونی تەمەندارەكان لەناوچە گوندنشینەكاندا

به بەراورد لەگەڵ ناوچە شارنشین لە پارێزگاکەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی کەسانی بە تەمەن بۆ پشوودان بەتایبەتی دوای تەمەنی خانەنشین .

**پێشنیار :**

١- بۆ کەمکردنەوەی نا هاوسەنگی ڕێژەی جۆر پێویستە دامودەزگا بەرپرسەکان پلانی ئابووریيان هەبێت بۆ پێشخستنی کەرتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت هەلی کار، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ناهاوسەنگی لەنێوان هەردوو ڕێژەی نێر و مێ، ئەمەش پێویستی بە رەخساندنی هەلومەرجی سیاسی لە بار هەیە کە تیایدا ئابووری وولات و کەرتە جۆراوجۆرەکانی بتوانن بەشێوەیەکی تەندروست کاربکەن .

٢-بۆ کەمکردنەوەی نا هاوسەنگی لەنێوان گروپەکانی پێکهاتەی تەمەندا پێویستە دامودەزگا بەرپرسەکان پلانیان هەبێت بۆبایەخ پێدان بە تەندروستی دایکایەتی و لەدایکبوون، هەروەها سنووردانان بۆ دیاردەی کۆچ .

3- پێویستە گروپی تەمەن مامناوەندەکان دەرفەتی هەلی کارو خزمەتگوزارییان لە ناوچە گوندنشینەکاندا بۆ بڕەخسێنرێت ، کە ئەمەش وادەکات هاوسەنگی لە نێوان ناوچەی گوندنشین و شارنشیندا بۆ ئەم ڕێژەی گروپی تەمەنە دروست ببێت .

**سەرچاوەکان :**

**یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ-نامەی ماستەر:**

**١**-ئیسماعیل، سیروان حسێن ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان لە قەزای مەخموور،" توێژینەوەیەکە لە جوگرافیایی دانیشتوان"، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥.

٢-صالح ،چراخان نصرالدین ، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، سکولی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥ .

ب-چاپەمەنی و نووسراوە حکومییەکان :

١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە پێی ی گروپەکانی تەمەن و ژینگە و ڕەگەز لە ساڵی ٢٠١٢،(داتای بڵاونەکراوە) .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بەشی ڕووپێووی ،٢٠١٢.

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGIS.

**دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان :**

**أ-کتێب :**

١-أبو عیانة ، فتحي محمد، جغرافية السكان، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، مصر، ١٩٨٩.

٢- أبوعيانة، فتحي محمد، جغرافية السكان و أسس و تطبيقات، الطبعة الرابعة، دار المعرفة ألجامعية، الأسكندرية، 1993.

٣- إسماعيل، أحمد علي، أسس علم السكان وتطبيقاته الجغرافية، الطبعة الخامسة، دار الفكر العربي، القاهرة،١٩٨٤.

٤- برادوخي، عبدالرحيم ، خوري ، عصام، علم السكان نظريات و مفاهيم، الطبعة الأولى، دار الرضا للنشر، دمشق، ٢٠٠٢.

٥- الجوهري ،يسري عبد الرازق ، محمد، حافظ مصطفى ، جغرافية السكان، الطبعة الأولى، دار الكتب الجامعية، الأسكندرية، ١٩٧١ .

٦- الحديثي، طة حمادي ، جغرافية السكان، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٨.

٧- زينى ،عبدالحسين ، و القيسي ،عبدالكريم ، الأحصاء السكانى، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٩٠ .

٨- طالب، جزا توفيق ، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كوردستان، مركز كوردستان للدراسات الأستراتجية ، السليمانية ، ٢٠٠٥.

٩- العيسوي، فايز محمد، اسس جغرافية السكان، الطبعة الثانية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ٢٠٠٩.

١٠-لبيب ،على ، جغرافية السكان (الثابت والمتحول )، الطبعة الأولى، مطبعة دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٤.

١١- محمد، خليل اسماعيل، قضاء خانقين دراسة في جغرافية السكان، الطبعة الثانية، منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٢ .

**ب- تێزەكان :**

١-ابراهيم ،صادق جعفر ، تحليل العلاقات المكانية في محافظة ذي قار ، رسالة ماجستير (غير منشورة) ،كلية الأداب ، جامعة البصرة ، البصرة ،١٩٨٧.

٢- البدوري، منذر عبد المجيد ، القوى العاملة في العراق (١٩٥٧-١٩٧٧)، دراسة في الجغرافية البشرية، أطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٠ .

٣-جاسر، معين حسن احمد، محافظة بيت لحم "دراسة في التركيب السكانى و خصائص المسكن"، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة الإسلامية، غزة- فلسطين، ٢٠١١ .

٤- الجبوري،حسن علي نجم ، التباين المكاني لسكان الأرياف في محافظة ديالى للمدة من (١٩٨٧-١٩٩٧)، أطروحة دكتوراة(غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٦ .

٥- الداودي ،ماهية محسن ،قضاء طوز "دراسة في جغرافية السكان" ،رسالة ماجستير ،(غيرمنشورة )، كلية التربية ، جامعة تكريت ،تكريت ،٢٠٠٤ .

٦- رشيد، سيروان صالح محمد ، تباين نمو السكان و تركيبهم في العراق و الدول المجارة لة، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠١١ .

٧- السعدي، أحمد حمود محسين، التحليل المكاني لتباين تركيب السكان في محافظة القادسية للمدة من (١٩٨٧-١٩٩٧)، أطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥ .

٨- سلمان، ندى نجيب ، التحليل المكاني لتركيب سكان مدينة بغداد الكبرى للمدة (١٩٨٧-١٩٩٧) ، أطروحة دكتوراة(غيرمنشورة)، كلية التربية، إبن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٦ .

٩- العمارى ، محمد مختار محمد ، التغيرات السكانية في بلدية بنغازى خلال الفترة (١٩٥٤- ١٩٨٤) دراسة في جغرافية السكان، أطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة الأسكندرية، مصر، ١٩٩٧ .

ب : چاپەمەنی و نوسراوە حکومییەکان :

١- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،١٩٧٧.

٢- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ ،محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء،بغداد، ،١٩٨٨.

٣- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و كركوك، و لكافة انحاء العراق، الجداول رقم (٢٢) .

٤- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظات دهوك و نينوى و اربيل و السليمانية و كركوك، و لكافة انحاء العراق، الجداول رقم (٢٢) .

5-جمهورية العراق، وزارة التخطيط،الجهاز المركزي للإحصاء، عدد سكان العراق حسب الفئات العمرية و الجنس و البيئة،٢٠١٢ .

سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزییەکان و پێگەی ئەلکترۆنی :

1- Hawley, A.H. “Population Composition” , “The Study of Population”, edited by Hauser, p . and Duncan , O ., Chicago, 1959.

2-جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، اسقاطات سكان العراق حسب فئات العمر و البيئة و الجنس لسنة ٢٠١٢. متاح على العنوان الألكتروني التالي:

<<cosit.gov.iq/AAS13/population/pop(10).htm>> accessed in(March25.2017)